گۆڕەکەم مەکەن بە شوێنی سەردانی کردن وکۆبوونەوە، ومااڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان، وسەلام کردنی ئێوە بە من دەگات ئەگەر لە هەر شوێنێک بن

عەلی کوڕی حسین دەڵێت: «پیاوێکی بینی کە لە بۆشاییەکی بچووکەوە دەهاتە لای گۆڕەکەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ونزای دەکرد، بۆیە نەهی لەم کردەوەیەی کرد، و ووتی: ئایا فەرموودەیەکتان بۆ باس بکەم کە گوێم لێبووە لە باوکمەوە کە باپیرم پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «گۆڕەکەم مەکەن بە شوێنی سەردانی کردن وکۆبوونەوە، ومااڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان، وسەڵاوات لە سەر من بدەن، چونکە سەلام کردنی ئێوە بە من دەگات ئەگەر لە هەر شوێنێک بن».

[صەحیحە بە هەموو ڕێگاکانی و شاهیدەکەیەوە] [ئیبنو ئەبی شەیبە گێڕاویەتیەوە]

عەلی کوڕی حسین -ڕەزای خوایان لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پیاوێکی بینی کە لە خودا دەپاڕایەوە لە لای گۆڕی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، بۆیە ئەمیش نەهی لێیکرد لەم کارەی وبۆ ئەمەیش بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هێنایەوە کە نەهی کردنی تێدا هاتووە لە زۆر سەردانیکردنی گۆڕەکەی بە شێوەیەک کە ببێتە خوو، ونەهی کردووە لە نە پەرستن وزیکر نەکردنی خوای گەورە لە ماڵەکاندا، وئەوەی لە ماڵەکەیدا نوێژ نەکات وزیکری خودای تێدا نەکات ئەوا چواندوویەتی بە گۆڕستانەکان، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی ئەوەی داوە کە سەلامکردنی مسوڵمان پێی دەکات ئەگەر مسوڵمانەکە لە هەر شوێنێک بێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3346